

# دیگۆ ریفاس:
# دۆنگا باش دەزانێت ئاست و تواناى من چەندە

وەرزی ئەمسـاڵ نرخی ئەم یاریزانە دیاری دەکات کە چەندین ساڵ خاوەنی نازناوی خولی یانەکانی بەرازیل و ئەڵمانیا بوو. ئێستاش لە خولی ئیتاڵیادا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، بەتایبەتی یانەی یۆڤانتس ئەویش یاریزانی بەرازیلی (دیگۆ ریفاس)ی تەمەن ٢٤ ساڵەیە، ئەم یاریزانە بەهیوای ئەوەیە ئاسـتێکی بەرز لە یانەی یۆڤانتس نیشـان بدات، بۆ ئەوەی بۆشاییەك لە هێڵی ناوەڕاستی بەرازیل بدۆزێتەوە و بەشداری مۆندیالی باشووری ئەفریقیا بکات. دیگۆ ئێستا لـە قۆناغی یەکەمی خولی یانەکانی ئیتاڵیا بە ئاسـتێکی جێگیر تێدەپەڕێت، لەگەڵ یۆڤانتس ئاسـتێکی باشـی نیشـانداوە، دیگۆ لەم دیمانەیەدا باس لە خەونەکانی داهاتووی دەکات.

*** ماوەی چەند مانگێکە لە خولی ئیتاڵیا یاری دەکەی، چ جیاوازییەك لە هەردوو خولی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بەدی دەکەی؟**

- یەکەمین جیاوازی ئەوەیە کە من لە یانەی ڤێردەر بریمەن چوومە یانەیەکی بەناوبانگی وەکو یۆڤانتس کە بەشێوەیەکی رێکوپێك و بە پلانێکی تۆکمە و بە تەکتیکێکی زۆر باش یاری دەکەن، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە چیمەنی یاریگاکانی ئەڵمانیا زۆر لە چیمەنی یاریگاکانی ئیتاڵیا باشترە.

*** ئایا لە کەش و هەوای یانەی یۆڤانتس و خولی ئیتاڵیا راهاتووی؟**

- ئێستا زۆر خۆشحاڵم و پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم، خۆشحاڵم لە یانەیەکی گەورەی وەکو یۆڤانتس یاری دەکەم و دەبێ هەوڵ بدەین ئاستی ئەو یانەیە بەرزبکەینەوە و پلەی یەکەم وەربگرین.

*** لەو کاتەی پەیوەندیت بە خولی ئیتاڵیا کرد چ یاریزانێك زۆر سەرنجی راکێشاوی؟**

- بۆ فۆن زۆر سەرسامم، بۆ فۆن تەنیا یاریزان نییە، بەڵکو کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە و سەربەرزییە بۆ من لە یانەیەك یاری بکەم کە یاریزانێکی وەکو بۆ فۆنی تێدایە، ئەوەی لەو یانەیە سەرنجی راکێشاوم ئەوەیە کە گرنگی بە هەموو شتێك دەدرێ.

*** ئەنتەر میلان رکابەری سەرەکی ئێوەیە ئەمە راستە، ئایا لە تواناتان هەیە نازناوی وەرزی ئەمساڵ بەدەست بێنن؟**

- لەوانەیە ئەمە رووبدات و یاریزانەکانمان ئاست و ئەزموونیان زۆر باشە، راستە ئەنتەرمیلانیش خاوەن چەندین یاریزانی بە توانایە، ئێستا هەوڵ دەدەین جیاوازی نێوانمان لە خاڵەکان کەم بکەینەوە و دەتوانم بڵێم لە تواناماندا هەیە نازناوەکە ببەینەوە.

*** ئەوەندەی ئاگادار بین یانەی یۆڤانتس، وەکو یانەکانی رۆما و میلان و ئەنتەر میلان زۆر بۆند لەگەڵ یاریزانانی بەرازیلی مۆر ناکات، شانازی نییە بۆ تۆ کە بەم شێوەیە گرنگیان پێداوی؟**

- من وەکو بەرازیلییەك شانازی پێوە دەکەم و خۆشحاڵم کە نوێنەرایەتی وڵاتەکەم دەکەم لەو یانەیە و سەبارەت بەو خاڵە هیچ قسەیان لەگەڵ نەکردووم و من و فلیپی میلیۆ و ئاماوری هەست بە خۆشییەکی بێ وێنە دەکەین لە پیرە یانەی یۆڤانتس.

*** تۆ یەکێك بووی لە باشترین ١٠ یاریزانی جیهانی کە بۆ خەڵاتی فیفا هەڵبژێردرابووی، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو، دواتر ناوت لەگەڵ پێنج لە باشترین یاریزانەکان نەبوو، ئەوە بەلای تۆوە چەند گرنگ بوو؟**

- بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیم لەم هەواڵە کرد کە من لە لیستی باشترین ١٠ یاریزانی جیهانی فیفا بووم، هەستم کرد کەوا خەونەکانم بەرێگاوەیە.

*** ئایا شانسی ئەوەت هەیە لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل لە مۆندیالی داهاتوودا بەشداری بکەی،ئایا یاریکردنت لە یانەیەکی گەورەی وەکو یۆڤانتس دا نابێتە رێگا خۆشکەرێك بۆ ئەوەی بچییە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل؟**

- دۆنگا ئاست و توانایی من باش دەزانی، رەنگە یاریکردنم لە یانەیەکی وەکو یۆڤانتس ببێتە هاندەرێك کە بۆ ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل بگەرێمەوە.

*** ئایا ئەو کاتەی کە نوێنەرایەتی هەڵبژاردەی بەرازیلت دەکرد هەلی باشت بۆ رەخسا؟**

- هەلی باشم بۆ رەخسا کە ساڵی ٢٠٠٨ بەشداری یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی پەکینمان کرد، سەرەرای ئەوەی پلەی سێیەممان بە دەستهێنا و من بەبەردەوامی لە ئاستی خۆم رازی بووم و لەگەڵ راهێنەری پێشوو بێرێرا و دۆنگای ئێستا ناوێکی باشم تۆمار کرد، گەر بتەوێ بگەیتە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل دەبێ شتی باش پێشکەش بکەیت و دەبێ چاوەروانی رۆژانی داهاتوو بین بزانین چ روودەدات.

*** تا گەیشتە ئەم ئاستە وەکو یاریزانێك یاری بکەی چ یاریزانێك هاندەرت بووە ؟**

- من هەر لە منداڵییەوە زۆر سەیری یارییەکانم دەکرد و زۆر بە یاریزانان رای و رۆناڵدۆ سەرسام بووم، بەڵام لە یاریکردن لاسای کەس ناکەمەوە و شێوازی خۆم لە یاریکردندا هەیە، ئێستاش زۆر یاریزانی ئاست بەرز هەن و بە رای من لەم کات و ساتەدا، میسی لە لووتکەی بەرزی ئەم یاریزانانە دێت.



## شەڕی میلان و یۆڤانتس لەسەر بینتیز دەستی پێکرد



دوای ئەوەی رافائیل بینتیز راهێنەری یانەی لیڤەرپوول رەخنەیەکی زۆری لێدەگیرێ لە لایەن هاندەرانی یانەکە بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی و دەرچوونی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپالێگیرا، رەنگە ئەم وەرزە دوایین وەرزی ئەم راهێنەرە بێت لە یانەی لیڤەرپوول، بۆیە بە پێی هەواڵەکان هەردوو یانەی ئەی سی میلان و یۆڤانتس هەوڵ دەدەن بۆندێك لەگەڵ ئەم راهێنەرە مۆربکەن بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەریان، چونکە یانەی یۆڤانتس ئەنجامەکانی لە خولی ئیتاڵیا و خولی یانەکانی ئەورووپا زۆر خراپ بوو، بۆیە راهێنەرەکەی گۆڕی و راهێنەرێکی تازەی بۆ یانەکەی هێناوە تا کۆتایی وەرزی ئەمساڵ، هەرچەندە یانەی ئەی سی میلان لەم ماوەیە ئەنجامی زۆر باشی بە دەستهێناوە، بەڵام دەستەی کارگێری یانەکە هەوڵ دەدات راهێنەرێکی بەتوانای وەکو بینتیز ببێتە راهێنەر تاوەکو نازناو بۆ یانەکەی بە دەستبهێنێت.

## شەرەفوڵڵا غەفاری ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی ئەفغانستان:

# حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو شتێکی بۆ وەرزشی کوردستان دابینکردووە

**شەرەفوڵڵای تەمەن ٣٨ ساڵ، لە دایکبووی وڵاتی ئەفغانستانە. ڕاهێنەری یانەی (شیوا)یە کە یەکێکە لە یانە نایابەکانی ئەفغانستان، هەروەها ڕاهێنەری هەڵبژاردەی تازە گەنجانی ئەفغانستانە، غەفاری لە هەمان کاتدا لە یەکێك لە دادگاکانی وڵاتی ئەفغانستان فەرمانبەرە. بەمەبەستی ئاشنابوون بە ڕەوشی وەرزشی ئەفغانستان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا سازکرد.**

**دیمانە :کارزان کانەبی**



*** بە گشتی ئاستی وەرزشی وڵاتی ئەفغانستان چۆن دەبینی ؟**

- لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئەفغانستان یاسا بەو جۆرەی پێویستە دەسەڵاتدار نییە، وڵاتێکە بەدەست شەڕەوە وێران بووە، بە گشتی یاری تۆپی پێ لە ئاستێکی باشدا نییە. ئەمەش بە پلە یەکەم بۆ نەبوونی یاسا دەگەڕێتەوە، کە ئاستەنگ بووە لە پێشکەوتنی بواری وەرزشی و زۆر بواری دیکەی ژیانیش.

***جیاوازی وەرزش لەسەردەمی حکومەتی تاڵیبان وحکومەتی ئێستای ئەفغانستان چۆن دەبینی؟ کام حکومەت زیاتر خزمەتی وەرزشی دەکرد ؟**

- لە سەردەمی تاڵیباندا، نەماندەتوانی بەشداری هیچ پاڵەوانەتییەك بکەین، بەڵام ئێستا بەشداری پاڵەوانەتییەکانی دەرەوە دەکەین و لە ئاسیا دا بوونمان هەیە. پاش ئەوەی حکومەتی تاڵیبان نەما، سەر لە نوێ دەستمان بە بونیادنانەوەی وەرزش کردەوە و توانیمان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە پەیوەندی دروست بکەین و بەشداری پاڵەوانەتییەکانی دەروە بکەین. بەڵام لە سەردەمی تاڵیباندا نە ناومان هەبوو، نە وەرزشیشمان پێش دەکەوت. تاڵیبان هۆکار بوو بۆ لەناو چوونی وەرزشەکەمان. لە سەردەمی ئەواندا تەنیا سێ هەرێم بۆیان هەبوو، وەرزش بکەن وەکو کابول، هیرات و مەزار شەریف، ئێستا ٣٤هەرێم دەتوانن بەشداری پاڵەوانییەتییەکان بکەن.

***هۆکار چ بوو لە پاڵەوانەتییەکانی ئاسیادا شکستان هێنا ؟**

- یەکەم هۆکار خۆئامادەکردنمان باش نەبوو،خولی ڕاهێنانەکان بۆ وەرزش نەکرابوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی بوونی ئەم هەموو هەرێمە جیاوازە نەمانتوانی یاریزانی باش بدۆزینەوە. هەروەها بە هۆی نەبوونی پشتگیری مادی باش و جگە لەوەش یاریزانی هەڵبژاردەکانی دیکە تەمەنیان زۆرگەورە بوو، ئەوانە گشتیان هۆکار بوون بۆ شکستهێنانی ئێمە لە پاڵەوانیەتییەکانی ئاسیادا.

*** حکومەتی ئێستای ئەفغانستان تاچەند گرنگی بە ڕەوشی وەرزش لە ئەفغانستان دەدات ؟**

- حکومەت پشتگیرییەکی باشی ماددیمان ناکات، تەنیا بودجەیەك کە هەمانە، لەلایەن فیفا وە بۆمان دابین کراوە. حکومەت گرنگی بە تۆپی پێ نادات، بەڵام بۆ یارییەکانی دیکە وەکو تایکواندۆ و کاراتە، پشتگیری باشی لێ دەکرێت.

***سەبارەت بە ئاستی وەرزشی کوردستان ڕاتان چییە ؟**

- حکومەتی کوردستان هەموو شتێکی بۆ وەرزشی کوردستان دابینکردووە،

یانەی هەولێر، پاڵەوانی عێراقە و ئاستی یانەکە لە ئاسیاشدا زۆر باشە. لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا شتی باش بۆ وەرزش کراوە، هەربۆیە لە ئاستی وەرزشدا زۆرپێشکەوتووە.

***بەرلەوەی سەردانی کوردستان بکەن، هیچ زانیارییەکتان لەسەر کوردستان هەبوو؟**

- نەخێر زانیارییەکی ئەوتۆمان نەبوو، تەنیا لە ڕێگای کەناڵی ئاسمانی BBC باسی کوردستان دەکرا و دەگوترا کە ناوچەیەکی ئارامە. بەڵام لەسەرخودی شاری هەولێر هیچ چەشنە زانیارییەکمان نەبوو .

***رات لەسەر خەڵکی کورد بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی چۆنە؟**

- خەڵکی هەولێر خەڵکێکی خۆشەویستەو، ڕێزی زۆر لە میوانان دەگرن، خەڵکی کورد لەم رووەوە زۆر لە خەڵکی ئەفغانستان دەچن.

***هاوکاری کردنی کاك نێچیرڤان بارزانی تاچەند بۆ ئێوە گرنگی هەبوو ؟**

- زۆر سوپاسی بەڕیزیان دەکەین، هاوکارییەکەی لەلای ئێمە زۆر بە نرخ بوو، دیارە لە خەم و مەینەتییەکانی ئێمە گەیشتبوو، بۆیە هاوکاری کردین، هاوکارییەکە تا بڵێی بەبایەخ بوو لای ئێمە، هیواداریشم بەڕێزیان زیاتر پشتگیری وەرزش بکات و یاریگای زیاتر بکاتەوە. رەنگدانەوەی کارەکانی ئەو راستییە دەردەخات کە بەڕێزیان ئینسانێکی وەرزش دۆستە.

***ئەگەر یانەیەکی کوردستان داوات لێ بکەن، لە کوردستان ئەرکی راهێنەرایەتی وەربگری چی دەڵێیت؟**

- هەر یانەیەکی کوردستان یان یەکێتی تۆپی پێی کوردستان داوام لێ بکات ئەوا ئامادەم بێم لە کوردستان خزمەت بکەم .

***حەزدەکەی جارێکی تر بێیتەوە کوردستان؟**

- یەکێتی تۆپی پێی کوردستان رەزامەندی لەسەر ئەوە نیشان داوە کە جارێکی تر بێینەوە بۆ کوردستان بۆسازدانی کەمپی مەشقکردن کەمپی مەشقمان بۆبکاتەوە. دڵنیام هەولێر یش ئەو توانایەی هەیە کە بەگەرمی وەرمان بگرێت.

***دوا وتەتان؟**

- زۆر سوپاسی کاك نێچیرڤان بارزانی و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەین، بۆهاوکاری کردنمان و هەروەها سوپاسی گۆڤارە خۆشەویستەکەتان دەکەم.

شایانی ئاماژە پێدانە کە شوان رەئوف ئەم دیمانەیەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی سوپاسی دەکەین.



# چێڵسی داوای ئەلڤیس دەکات

دوای ئەوەی دادگای وەرزشی بڕیاریدا کەوا یانەی چێڵسی دەتوانی بۆند لەگەڵ یاریزانان مۆربکات بۆ لە سەرەتای وەرزی داهاتوو بۆیە یانەی چێڵسی هەر لە ئێستاوە چاوی بردۆتە یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی بەرازیل دانیال ئەلڤێس بۆ ئەوەی بۆندی لەگەڵ مۆربکەن.

ئەنشیلۆتی راهێنەری یانەی چێڵسی تەئکیدی لەوە کردووە کە یانەکەی پێویستی بە یاریزانێکی وەکو دانیال ئەلڤێس هەیە، بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە باڵەی راست هەیە یانەی چێڵسی یاری بە یاریزان ئیڤانۆڤیچ دەکات لەم باڵە هەرچەندە ئەم یاریزانی هێڵی بەرگرییە.

بە پێی هەواڵەکان یانەی چێڵسی ئامادەیە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ پێشکەش بەم یاریزانە بکات بۆ ئەوەی گرێبەستێکی لەگەڵ مۆربکات و موچەی هەفتانەی ١٠٠ هەزار باوەند دەبێت، بەڵام یانەی چێڵسی تاکە یانە نییە کە هەوڵ دەدات گرێبەست لەگەڵ ئەم یاریزانە مۆربکات، بەڵکو یانەی مانچستەر سیتی چاوی بردۆتە ئەم یاریزانە.

بۆندی یاریزان ئەلڤێس لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە تا ساڵی ٢٠١٢یە، جێگەی باسە یاریزان ئەلڤێس لە ساڵی ٢٠٠٨ گرێبەستێکی یانەی چێڵسی رەتکردووە کاتێك لە یانەی ئیشبیلیە یاری دەکرد.

# گووتی: ژیانی وەرزشیم لە مەدرید کۆتایی پێ دێت



دوای ئەوەی یاریزانی یانەی ریال مەدرید گووتی بەشداری لە یارییەکانی نەدەکرد لەگەڵ یانەکەی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە یاریزانی ناوبراو چەندین جار هەڕەشەی جێهێشتنی یانەکەی دا بۆ ئەوەی بچێتە یانەیەکی تر، بەڵام یاریزانی ناوبراو لە دوایین لێدوانەکانی گوتی: هەرچەندە زۆر نزیك بووم گرێبەستێك لەگەڵ یانەی ئەنتەر میلان مۆربکەم، بەڵام بڕیارمدا ژیانی وەرزشیم لە یانەی ریال بە کۆتا بهێنم.

یاریزان گووتی لە لێدوانەکانی بۆ رۆژنامەی لاگازێتا دیلۆ سپۆرت گوتی: یانەی ئەنتەر میلانم زۆر خۆش دەوێ و دوو لە باشترین هاورێکانم لەم یانەیە یاری دەکەن ئەویش شنایدەر و سامۆێل ئیتۆ یە، ئەگەر من بەڕێوەبەری ریال مەدرید یاخود راهێنەری یانەی شاهانە بم بەهیچ شێوەیەك شنایدەرم نەدەفرۆشت.

لە کۆتاییدا گووتی تەئکیدی لەوە کردووە ساڵی ٢٠١١ بۆندەکەم لەگەڵ یانەی شاهانە کۆتایی پێ دێت وابزانم ئەمەش دەبێتە کۆتایی ژیانی وەرزشیم.

# محەمەد زێدان:
# ئەم دەس...
# چەندین ه...



**پێش دەستپێکردنی رکابەری یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بۆ تۆپی پێ زۆر کەس لە هێز و توانای میسرییەکانیان کەم دەکردەوە، بەڵام فیرعەونییەکان توانیان دەمی ئەو کەسانە دابخەن کە گومانیان لە ئاستی هەڵبژاردەی میسردا هەبوو، توانیان سەرکەوتنێکی مێژوویی لە یاری کۆتایی تۆمار بکەن و بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرامبەر لە گانا ببەنەوە. بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی و جاری حەوتەم لە مێژووی خۆیان ئەم نازناوە بەدەست بێنن و بیسەلمێنن کە بەهێزترین هەڵبژاردەن لە کیشوەری ئەفریقادا. دڵی جەماوەری میسر شاد بکەن، دوای ئەوەی کە هەڵبژاردەکەیان نەیتوانی بگاتە مۆندیالی ئەفریقا، ئەمە گەورەترین دەسکەوتە لە مێژووی میسرییەکان و ئەم هەڵبژاردەیە باشترین پێکهاتەیە لە مێژووی تۆپی پێی میسردا، چونکە زۆر زەحمەتە بۆ هەڵبژاردەیەك سێ جار لەسەر یەکدی ئەم نازناوە بباتەوە. لە کاتی ئاهەنگگێڕانی ئەندامانی هەڵبژاردەی میسر ئەم دیمانەیە لەگەڵ ئەستێرەی هەڵبژاردەی میسر محەمەد زێدان ئەنجام درا، زێدان تەمەنی ٢٩ ساڵە و یاریزانی یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانیایە، ئێمەش لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە بە باشمانزانی لە فایلی وەرزشیدا بڵاوی بکەینەوە.**



*** سەرەتا بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە پیرۆزباییتان لێدەکەین.**

- ئێمە خۆشحاڵین بەم دەستکەوتە مەزنە و بەڕاستی ساتێکی کاریگەر بوو، هەموو کەس دەزانێ کە یاری کۆتایی خاڵێکی چارەنووسازە و دەبێ بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و توانیمان سەرکەوتن بە دەست بهێنین و ریکۆردێکی تازە لە مێژووی میسر تۆمار بکەین، سەرەڕای ئەمەش هێشتا بۆ سەرکەوتنی تر هەوڵ دەدەین، ئەوەی لەو هەڵبژاردەیە بەدی دەکرا ئەوەبوو کە دەیتوانی رۆژ بە رۆژ ئاستی باشتر بێت، ئێمە سێ جار لەسەر یەکدی ئەم نازناوەمان بردۆتەوە و ئەوەی دەیەوێ بگاتە ئاستی ئێمە دەبێ زۆر هەوڵ و کۆشش بدات، هەوڵێکی بێ پایان بدات ئینجا دەگاتە ئێمە.

*** میسر بۆ جار حەوتەم ئەم نازناوەی بردەوە، ئایا هیچ هەڵبژاردەیەك توانای ئەوەی هەیە بگاتە ئەم ژمارەیە؟**

- لەوانەیە کەس نەتوانێ پێشبینی بکات، بەڵام لە تۆپی پێ هەموو شتێك روودەدات، بەهەر حاڵ ئەم شتە بەم زووانە نابێت، هەر هەڵبژاردەیەك گەر بیەوێ ئەم ریکۆردە بشکێنێ دەبێ شتێکی خەیاڵی پێشکەش بکات و ساڵانێکی زۆر دەخایەنێ.

*** ئایا ئەمە باشترین هەڵبژاردەیە لە مێژووی میسرییەکان؟**

- تەنیا من ئەو شتە ناڵێم، بەهەرحاڵ رای خەڵك و جەماوەری وەرزشی لە هەمووی گرنگترە، ئێمە تیپێکی یەکگرتووین وەکو یەك خێزان کار دەکەین و بیروهۆشمان تەنیا لە سەرکەوتنە، گوێڕایەڵی یەکترین و خۆشی دەخەینە دڵی جەماوەر، ئەوە جەماوەریشە بڕیاری خۆی دەدات.

*** رووبەڕوو بوونەوەتان بەرامبەر هەڵبژاردەی گانا کارێکی ئاسان نەبوو، وانییە؟**

- هەڵبژاردەی گانا تیپێکی زۆر بەهێز و خاوەن ئەزموون بوو، تەکتیك و تەکنیکێکی باشیان هەبوو، بینیمان چۆن بەرامبەر نێجیریا یارییان دەکرد، زۆر رێکوپێك بوون و کۆنتڕۆڵی یاریگایان کردبوو، بۆیە ئێمە بەرنامەیەکمان دڕشت بۆ ئەوەی بتوانین زاڵ بین بەسەریاندا، ئاسان نەبوو رووبەڕووی تیپێکی وەکو گانا ببینەوە، لەبەر ئەوەی چەندین یاریزانی ئاست بەرزی تێدایە، دەبێ ئەوەش بڵێم چەند جارێك رووبەڕووی گۆڵی ئێمە بوونەوە و مەترسی زۆریان هەبوو، چەندین هەلی گۆڵیان لە دەستدا.

*** چاودێران دەڵێن هەڵبژاردەی میسر بە درێژایی پاڵەوانیەتییەکە ئاستێکی هونەری بەرز و تەکتیك و تەکنیکێکی باشیان نیشاندا، نهێنی ئەم ئاست بەرزییە چی بوو؟**

- ئێمە ئەوەی لە توانماندا بێت لە پاڵەوانیەتییەکاندا هەوڵی خۆمان دەدەین، لەم پاڵەوانییەتییشدا بەهێزێکی پۆڵایین هاتینە یاریگا، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نازناوەکە



# ـــتکەوتە بە ئـاسـانـی نـەهاتە دی
# ـــەڵبژاردەی بەهێز بەشدارییان تێدا کرد

بکەین، ئەم دەستکەوتە شتێکی زۆر ئاسان نەبوو، چونکە چەندین هەڵبژاردەی بەهێزی تێدابـــوو کە بـــۆ بەدەســـتهێنانی جامەکە هاتبوون، یاری دوای یاری ئاستمان باشتر دەبوو و لە هەموو یارییەکان سەرکەوتنمان بە دەستهێنا.

*** نهێنـــی ســـەرکەوتنی هەڵبـــژاردەی فەراعینە چی بوو؟**

- ئەم پرسیارە لە لایەن زۆر کەسەوە کراوە، بەڕاستی هیچ نهێنییەك نەبوو، گرنگترین شـــت ئەوە بوو تیپەکەمان یاریزانێکی وای تێدانەبـــوو کـــە زۆر بەناوبانگ بێت، من ناڵێم خاوەن یاریزانـــی باش نەبووین، بەڵام هەریەکێ لە ئەندامانـــی تیپەکەمان وەکو یەکتر سەیر دەکراین و هەریەکەمان کارمان لـــە بەرژەوەندی تیپەکەمـــان دەکرد، بۆیە هەڵبژاردەی میسر بووە باشترین هەڵبژاردە لەم پاڵەوانیەتییە و ئاســـتمان لە یاری بۆ یارییەکی تر باشتر دەبوو.

*** گرنگـــی کاپتن ئەحمەد حەســـەن لە یاریگادا چەند بوو؟**

- زۆر بـــاش و بەرزبـــوو، زۆر بەباشـــی پێشـــەنگایەتی دەکردین، پێشتریش گووتم جیاوازی لـــە نێوان ئێمە نەبوو هەموومان بـــۆ بەرژەوەندی میســـر یاریمان دەکرد، دەبێ دان بـــەوەش بنێین کـــە ئەحمەد حەســـەن یاریزانێکی لێهاتـــوو و خاوەن ئەزموونە.

*** بۆ داهاتوو چی دەڵێیت ؟**

- مـــن لەو پەڕی خۆشـــحاڵیم و کاتێکی خـــۆش لەگەڵ تۆپی پێ دەبەمە ســـەر و جارێ بیر لە دوارۆژ ناکەمەوە.

*** لـــە کۆتایی دەکرێ بزانین ســـەبارەت بە هەڵبژاردەی میســـر کە بەشـــداری لە مۆندیالدا ناکات چ دەڵێت؟**

- بەڕاســـتی ئـــەو رۆژە، رۆژێکـــی ناخـــۆش بوو، هەم بۆ ئێمە وەکو یاریزان و هـــەم بۆ جەمـــاوەری وەرزشـــی دۆستی میسر کـــە نەمانتوانی بگـــەینە مۆندیـــال، بەڵێ رۆژێکـــی ناخۆش بوو و هەموو ئاواتم ئەوەبوو کە بەشـــداری لە مۆندیالی باشـــووری ئەفریقیادا بکەم، لە هەمان کاتیشـــدا نابـــێ زۆر خەفەتی پێ بخۆیـــن، هەرچییەك بوو تـــازە تێپەڕی، بـــەڵام لەمڕۆوە دەبێ بیـــر لە داهاتوو بکەینەوە.

